**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

**ژمارە: ٤٦٨ لە ٢٠٢٠/١/٢٩**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٦)برگە (٢)ی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ساڵی ٢٠١٠، وە لەپێناو ڕێکخستن و رایی کردنی کارەکانی خانمان و پیاوان وە سوودمەند بوونی خاوەنەکانی ئارایشگە لە ڕێکخستنی ئارایشگاکان لەڕووی یاسایی و مۆڵەت پێدان بە لەبەر چاوگرتنی کوالیتی تەندروستی و بازرگانی، و بەرەو پێش بردنی گەشەی بازرگانی و ئابووری و بەدەست هێنانی قووتی رۆژانە بەرجەستەکردنی کار بۆ کرێکارەکان ،بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

## ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠
## تایبەت بە ڕێکخستنی ئارایشگاکان

**ماددەی (١):**

لایەنی دەسەڵاتدار بە جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە کەتایبەتە بەڕێکخستنی ئیش وکاری ئارایشگاکان .
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی / بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی پارێزگاکان و ئیدارەکانی هەرێم.

**ماددەی (٢):** مەبەست لە ڕێکخستنی ئیش و کاری ئارایشگاکان لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە : -

**١**- ڕێگە نەدان بە بەکارهێنانی مەوادی ماوە بە سەرچوو لە ئارایشگاکان .

**٢**- ڕێگری کردن لەکارکردنی کەسانی نەخۆش لە ئارایشگاکان .

٣- لەبەر ئەوەی بەشێك لەو کارمەندانە کە لە ئارایشگاکان کار دەکەن بیانین پێویستە لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکان بناسرێن .

٤- کۆنترۆڵ کردنی نرخی ڕازاندنەوە و ئارایشکردن .

**ماددەی (٣): مەرجە گشتیەکان : -**

**١**- ئەو کارمەندانەی کە لە ئارایشگاکان کار دەکەن پێویستە ناویان لە وەزارەتی کارو باری کۆمەڵایەتی تۆمار بکرێن و کارتی کارکردن و کارتی تەندروستی نوێکراوە بەدەستبهێنن .

**٢**- سەبارەت بەکارمەندی بیانی پێویستە کارتی نیشتەجێبوونی نوێکراوەی هەبێت .

**٣**- پێویستە ئارایشگاکان :-

أ- مۆلەتی پیشەیی بەدەست بهێنێت لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی .

ب- مۆڵەتی تەندروستی بەدەست بهێنێت لە وەزارەتی تەندروستی .

٤- لە ئارایشگاکان نرخی (ڕازاندنەوە و پرچ برین و مێش و نیگرۆ و مایکرۆ و قژ بۆیاغکردن و... هتد ) لە شوێنێکی ئاشکراو دیار هەڵبواسرێ .

٥- ڕێگـا نادریـت بـە فرۆشـتنی پێداویسـتی و پێکهاتـەکان و مـەوادی ڕازاندنـەوە و جوانکـاری لـە ئارایشگاکان.

٦- مانگانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی یەکەکانی جوانکاری و ئارایش بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ یەکـە ئیدارییـەکان (قایمقامیـەت یـان ناحیـە) نـرخ دیـاری دەکرێـت و بـەدواداچوونی بـۆ دەکرێت.

**ماددەی (٤):** کار بەهیچ ڕێنماییەك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ماددە و بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی(٥):** ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لەڕێکەوتی دەرچوونی، و لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**کمال مسلم**
**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**هۆکاری دەرچوونی رێنمایی**

ئارایشگەکان بە گشتی چ ئارایشـگەی ئافرەتـان یـاخود پیـاوان بێـت رۆژانە لەلایەن هاوونیشـتمانیانی هەرێمـی کوردسـتان بەرێژەیەکـی بەرچـاو بەکاردەهێنـدرێن پێویسـتە لەرووی یاسـایی و تەندروسـتییەوە بەوردی چـاودێری بکرێـت، هەروەهـا بەدواداچـوون و چـاودێریی بەردەوامـی مۆلەتەکانیان بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە ئەم رێنماییەمان دەرکرد.